

# گرێ ئۆدیبییەکەی من

**فرانک ئۆکونوور**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

باوکم تا کۆتایی جەنگ لە سوپادا بوو- مەبەستم، یەکەمین جەنگی جیهانییە، بۆیە تا تەمەنی پێنج ساڵان، هەرگیز تێر و تەسەلانە نەمبینی، ئەوەندەی دەیشمبینی نیگەرانی نەدەکردم. هەندێک جار لە خەو هەڵدەستام و لەسەر سەرمدا کەسێکی کەتە و زلحۆرتی خاکیپۆشم دەبینی ڕاوەستاوە و لەبەر ڕووناکیی مۆمەکەدا چاوی تێ بڕیوم، هەندێک جاریش سەرلەبەیانی زوو گوێم لە بە توند داخستنی دەرگەی دەرەوە دەبوو و دەنگی چەکمە ژێر بزمارڕێژکراوەکانم دەبیست کە لەسەر ڕێگە چەوڕێژەکەدا تەقەتەقی لێوە دەهات. ئەمانە ساتی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەکانی باوکم بوون، هەروەک بابەنوئێل ڕازئامێزانە دەهات و دەڕۆیشت.

هەرچەندە کە سەرلەبەیانی زوو دەچوومە ناو جێخەوە پانوپۆڕەکەوە و خۆم دەتەپاندە نێوان دایکم و ئەوەوە نارەحەتکەریش بوو، بەڵام ڕاستییەکەی سەردانەکانیم بەدڵ بوو. ئەو جگەرەی دەکێشا، ئەوەیش بۆنێکی کەڕووئاسای پەسەندیدەی پێ دەبەخشی، هەروەها ڕیشیشی دەتاشی، ئەوەیش کردەوەیەکی سەرنجڕاکێشی سەرسوڕهێنەر بوو.

هەموو جارێکیش بەدوای خۆیدا ڕیزێک یادگاری بەجێ دەهێشت- لەوانە نموونەی هاوشێوەی تانک و چەقۆی گۆرخای دەسک لە قەوانی فیشەک دروستکراو و کڵاوزرێی ئەڵمانی و نیشانەی سەر کڵاو و قۆپچەگیر و هەموو جۆرە کەلوپەلێکی سەربازیی تریش- کە بەدیقەت و ئاگامەندانە لەناو سندووقێکی درێژکۆلەی سەر کەنتۆرەکە دایدەنان، تا ئەگەر هەر ئانوساتێک پێویست بوو لەبەر دەست بێت. باوکم نەختەیەکی سەیروسەمەرەی هەبوو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد هەموو شتێک هەر ئانوساتێک پێویست بوو

دەبێ لەبەر دەست بێت. کاتێکیش لەوێ نەبوایە، دایکم دەیهێشت کورسییەک بهێنم و بەناو گەنجە بەنرخەکانیدا بگەڕێم، چونکە بەوە نەدەچوو ئەو وەک باوکم زۆر بە بایەخەوە لەو شتانە تێبفکرێت.

جەنگ ئارامترین و ئاسوودەترین دەورانی زیندەگیم بوو، پەنجەرەی باڵاخانەکەم ڕووی لە باشووری ڕۆژهەڵات بوو. دایکم پەردەی تێ گرتبوو، بەڵام ئەوە کاریگەرییەکی زۆر کەمی هەبوو. هەمیشە لەگەڵ کەوتنی یەکەمین تیشکدا بەخەبەر دەهاتم و لەگەڵ ڕەوینەوەی هەر هەموو بەرپرسیارێتییەکانی ڕۆژی پێشووتریشدا، پتر وەک هەتاو پەیم بە خۆم دەبرد، تەیاری ئەوە دەبووم بدرەوشێمەوە و شادمان بم. ژیان هەرگیز هێندەی ئەوساکە سادە و ساکار و لە شییان و ئەگەر لێوانلێو نەبووە. لەژێر جلەکانەوە، پێیەکانم دەهێنایە دەرەوە- ناوم نابوون خاتوو چەپ و خاتوو ڕاست- و بارودۆخگەلی دراماتیکییانەی ئەوتۆم بۆیان داهێنابوو کە تێیاندا لەبارەی گێرمەوکێشەکانی ڕۆژەوە دەمەتەقێیان دەکرد، لانی کەم خاتوو ڕاست دەمەتەقێی دەکرد، چونکە قسەکانی تابلێی یەکلاکەرەوانە و سەلمێنەرانە بوون، بەڵام من هەمان باڵادەستیم بەسەر خاتوو چەپدا نەبوو، لەبەر ئەوە زۆرجار بە سەر ڕاوەشاندنی ڕەزامەندانە خۆی قایل دەکرد.

گفتوگۆی ئەوەیان دەکرد من و دایکم بەدرێژایی ڕۆژ دەبێ چی بکەین، بابەنوئێل دەبێ بۆ کریسمەس چی بە کوڕیژگەیەک ببەخشێت و بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵەکەیشمان دەبێ چ هەنگاوێک بگرێتەبەر. بۆ نموونە ئێمە سەبارەت بە منداڵی تر کێشەیەکی بچکۆلەمان هەبوو، کە من و دایکم هەرگیز لەسەری هاوڕا نەدەبووین.

ماڵەکەی ئێمە تاقە ماڵی ناو ڕیزەماڵەکان بوو کە منداڵی تازەی تێدا نەبوو، دایکیشم دەیگوت هەتا باوکم لە جەنگ نەگەڕێتەوە منداڵێکمان پێ دابین نابێت، چونکە منداڵێک نرخی «حەڤدە پاوەند و شەش پێنسە»، ئەمەیش ئەوەی دەنواند کە ئەو چەند سادە و ساکار بوو. خانەوادەی جینیزەکانی سەرپەڕی جادەکە منداڵێکیان هەبوو، هەموو کەسێکیش بەوەی دەزانی کە ئەوان توانایی ئەوەیان نەبوو نرخی «حەڤدە پاوەند و شەش پێنس»بدەن و بیکڕن، بەڵام لەوانە بوو منداڵێکی هەرزان بووبێت، دایکیشم شتێکی زۆر باشی دەویست، لێ من هەستم کرد ئەو زۆر دانسقە و ئاوارتە بوو. منداڵەکەی خانەوادەی جینیزەکانیش دەکرا بۆ ئێمە باش و گونجاو بێت.

پاش ئەوەی بۆ ئەو ڕۆژە پلانەکانی خۆم ڕێکخست، هەستام، کورسییەکم لەژێر پەنجەرەی باڵاخانەکەم دانا و چوارچێوەکەم ئەوەندە بۆ سەرەوە هەڵبڕی تا بتوانم لێیەوە سەرم بکێشمە دەرەوە. پەنجەرەکە دەیڕوانییە بەشی پێشەوەی باخچەکانی ڕیزە ماڵەکەی پشتەوەمان، لەولای ئەوانەشەوە دەیڕوانییە سەر دۆڵی قووڵی سەربانەکانی ئەو خانووە بەرزە لە خشتی سوور دروستکراوانەی بەرانبەر بناری گردەکەی ئەودیو ڕیزیان بەستبوو، کە هەموویان هێشتاکە هەر لە تاریکیدا بوون، لەکاتێکدا ئەوانەی دۆڵەکەی لای ئێمەوە هەر هەموو ڕووناک بووبوونەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا سێبەری سەیر و نامۆی درێژیان هەبوو کەوای لێ کردبوون نائاشنا و مەحکەم و ڕەنگکراو دەربکەون.

دوای ئەوە ڕۆیشتمە ژوورەکەی دایکم و چوومە سەر تەختەخەوە پانوپۆڕ و گەورەکە. لە خەو هەستا و ئیدی منیش پلانەکانی خۆمم بۆ باس کرد، ئا لەو کاتەیشدا، سەرباری ئەوەی هیچ بەوەیش نەدەچوو سەرنجم دابێ، بە جلی خەوەوە تاسابووم، هاوکات لەگەڵ دواندا توامەوە، تا ئەو کاتەی دوا شەختەیش توایەوە، لە تەنیشتییەوە خەوم لێ کەوت و هەر ئا ئەو دەمەیش بە خەبەر هاتمەوە کە گوێم لێبوو لە خوارەوە، لە ناندینەکەدا مژووڵی ئامادەکردنی قاوەڵتییە. پاش بەرچایی کردن، بۆ شارۆچکەکە چووین، ئامادەی کۆنوێژی کڵێسەکەی سانت ئۆگستین بووین و نزامان بۆ باوکم کرد و

ئەوسا بازاڕیمان کرد. ئەگەر دوانیوەڕۆ خۆش بوایە ئەوە، یان بۆ دەرەوەی شار بۆ پیاسە دەچووین، یان بۆ سەردانیکردنی دۆستێکی قەدرگرانی دایکم، دایکە سانت دۆمینیک، دەچووین کە لە دەیردا بوو. دایکم هەموو ئەوانەی ئەوێی بۆ ئەوە دنەدابوو دوعا و نزای خێر بۆ باوکم بکەن، هەموو شەوێکیش کە بۆ نووستن دەچوومە ناو جێوبالینگەوە، داوام لەخوا دەکرد بە ساغوسەلامەتی لە جەنگەوە بۆمانی بگێڕێتەوە، بەڵام بێگومان زۆر بە کەمی دەمزانی بۆچی ئەو دوعایانەم دەکرد!

سەرلەبەیانییەکیان، چوومە ناو تەختەخەوە گەورەکەوە و وەک چاوەڕوان دەکرا، باوکم هەر بەشێوە ئاساییانەکەی بابەنوئێلەوە لەوێ ڕاوەستابوو، بەڵام دواتر، لەبری جلوبەرگی فەرمییانە، قاتە شینباوە نایابەکەی خۆی لەبەرکرد و دایکیشم تابڵێی دڵخۆش بوو. من هیچ شتێکی ئەوتۆم نەدیت تا لەبارەیەوە دڵخۆش بم، چونکە باوکم بە بێ جلوبەرگی فەرمییانە، بە مانای وشە زۆر کەمتر سەرنجڕاکێش بوو، لێ دایکم تەواو دڵشاد و بەختەوەر بوو، وتی نزاکانمان قبووڵ بوونە، ئیتر ئێمەیش بۆ کۆنوێژ چووین بۆ ئەوەی سپاسی خودا بکەین، چونکە بە ساغوسەلامەتی باوکمی بۆ ماڵێ هێنابووەوە.

گاڵتەجاڕییەکە ئەوە بوو ڕۆژێک کاتێک بۆ شێوکردن هاتە ماڵەوە، چەکمەکانی داکەند و نەعلەکانی لە پێ کرد، ئەو کڵاوە چڵکنە کۆنەی لەسەرنا کە لەناو ماڵدا لەسەری دەنا تا لە سەرماوسۆڵە بیپارێزێت، قاچی خستە سەر قاچ و بەشێوەیەکی جیددییانە لەگەڵ دایکمدا کەوتە ئاخاوتن و دایکیشم شڵەژاویی پێوە دەرکەوت. هەڵبەت من شڵەژاوییەکەی ئەوم پێ خۆش نەبوو، چونکە جوانییەکەیان تەفروتونا دەکرد، بۆیە قسەکەیم پێ بڕی.

دایکیشم نەرمونیانانە وتی: «لاری، تۆزێ سەبر بگرە!»

ئەمە ئەو تاقە شتە بوو کە ئەو کاتێ میوانی بێزارکەرمان هەبوایە دەیگوت، بۆیە من هیچ بایەخێکم پێ نەدا و لە قسەکردنی خۆیشم بەردەوام بووم.

ئەویش ناڕەحەتانە وتی: «لاری، وسبە! گوێت لێم نییە لەگەڵ بابە قسە دەکەم؟»

ئەوە بۆ یەکەم جاربوو گوێم ئا لەو وشە شوومانەی «لەگەڵ بابە قسە دەکەم»بێت و نەشمتوانی هەست بەوە نەکەم کە ئەگەر خوا ئا بەو شێوەیە نزای نزاکارەکانی قبووڵ کردبێت، ئەوە ڕاستییەکەی نەیتوانیوە زۆر بەباشی گوێی لێیان بێت.

ئیتر من تا پێم کرا بە نمایشێکی ساردوسڕانەی لەڕادەبەدەرەوە پرسیم: «بۆچی لەگەڵ بابە قسە دەکەیت؟»

«چونکە من و بابە پرسێکمان هەیە و لێی دەدوێین، ئێستاکەیش ئیدی قسەمان پێ مەبڕە!»

دوای نیوەڕۆ، بە خواستی دایکم، باوکم منی بۆ گەڕان برد. ئەو کەڕەتە لەبری ئەوەی بچینە دەرەوەی شار بۆ ناو شار چووین و سەرەتا بەشێوە گەشبینانە ئاساییەکەی خۆم وای بۆچووم دەشێ ئەمە لە پێوەندییەکەماندا گۆڕانکارییەکی بەجێ بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک شتێکی لەو بابەتە نەبوو. من و باوکم بیرۆکەی زۆر جیاوازمان سەبارەت بە گەڕان لەناو شاردا هەبوو. ئەو هیچ دڵبەستەییەکی ڕاستەقینەی بەرانبەر بە ترام، کەشتی و ئەسپ نەبوو، تەنیا شتێکیش کە وێدەچوو سەرگەرم و خۆشنوودی بکات ئاخاوتن بوو لەگەڵ ئەو پیاوانەی هاوتەمەنی خۆی بوون. کاتێک من دەمویست ڕاوەستم ئەو لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبوو و دەستی دەگرتم و بەدوای خۆیدا پەلکێشی دەکردم، کاتێکیش ئەو دەیویست بوەستێ من لە ڕاوەستان بەولاوە هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. تێبینیشم کرد هەر کاتێک پاڵی بە دیوارێکەوە دا مانای وایە دەیەوێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بوەستێ. کە دووەم جاریش بینیم وای کرد ئیتر تەواو شێتگیر بووم.

بەوە دەچوو بیەوێ بۆ هەتاهەتایە خۆی لەو شوێنە جێگیر بکات، منیش پاڵتۆکەی و پانتۆڵەکەیم ڕاکێشا، بەڵام بەپێچەوانەی دایکمەوە ئەگەر زۆر پێداگر بوومایە، ئەوە دەهەری دەبوو دەیوت: «لاری، ئەگەر ژیر نابیت، ئەوە زللەیەکی چاکت پێدا دەکێشم.» لێ باوکم توانایيەکی سەرئاسای بۆ کەمتەرخەمییەکی میهرەبانانە شک دەبرد. ئەوم بە شێوەیەک هەڵسەنگاند و بیرم لەوە کردەوە داخۆ هاوار بکەم، بەڵام وێدەچوو ئەوەندە لەمنەوە دووربێت تەنانەت ئا بەو هاوارەیش وەڕز نەبێت، ڕاستییەکەی وەک ئەوە وابوو لەگەڵ شاخێکدا بۆ گەڕان بچیت! ئەو، یان بەتەواوەتی ئازارچەشتن و کوتەک خواردنی پشتگوێ دەخست، یان بە پێچەوانەوە بە زەردەخەنەیەکی دڵخۆشانەوە لە ترۆپکەکەی خۆیەوە بۆ خوارەوەی دەڕوانی. هەرگیز ڕێکەوتی کەسێکی ئەوتۆم نەکردبوو ئەوەندە بەخۆیەوە سەرقاڵ بێت وەک پێوەی دەردەکەوت.

لە ئانوساتی چاخواردنەوەدا، «قسەکردن لەگەڵ بابە»دیسان دەستی پێ کردەوە، بەڵام ئەم جارە ئەو ڕاستییە دژوار و ئەستەمی کرد کە ئەو خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئێواران بوو، هەر چەند خولەک جارێکیش دایدەنا و شتێکی تازەی ناو ڕۆژنامەکەی بە دایکم ڕادەگەیاند. ئیدی منیش هەستم کرد ئەمە ڕەفتارێکی بەدڕەوشتانەیە. ئامادەبووم پیاو و پیاو، لە پێناوی ڕاکێشانی سەرنجی دایکمدا هەر کاتێک بێت ڕکابەری لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو کە لەلایەن خەڵکی ترەوە هەموو شتێکی بۆ ڕووبەڕاکرابوو، ئیدی هیچ دەرفەتێک بۆ من نەمابووەوە، چەند جارێکیش هەوڵم دا بابەتەکە بگۆڕم، کەچی سەرنەکەوتم.

دایکم تووڕە و ناڕەحەتانە وتی: «لاری، کە بابە دەخوێنێتەوە تۆ دەبێ بێدەنگ بیت.»، ئیدی ئاشکرابوو کە ئەو، یان بەڕاستی حەزی دەکرد و پێی باشتر بوو دەمەتەقێ لەگەڵ باوکمدا بکات نەک لەگەڵ مندا، یان بە پێچەوانەوە، باوکم زەبروزەنگێکی توند و تیژی بەسەرەوە هەبوو کە وای لێ دەکرد سڵ لە دان بەڕاستیدا نان بکاتەوە.

ئەو شەوە، کە دایکم لە نوێنەکەدا دایدەپۆشیم، پێم وت: «دایکە، ئەگەر من بەجیددی دوعا و نزا بۆ خودا بکەم پێت وادەبێ بابە بۆ جەنگ بنێرێتەوە؟»

پێوەی دیاربوو بۆ چرکەساتێک سەبارەت بەوەی کە من وتم تێفکرێت.

بە زەردەخەنەوە وتی: «نا ئازیزەکەم، پێم وانابێ بینێرێتەوە.»

«دایکە بۆچی نایینێرێتەوە؟»

«گیانەکەم، چونکە چیدی جەنگ نییە.»

«بەڵام دایکە ئەی ئەگەر خوا بیەوێت ناتوانێ جەنگێکی تر بەرپا بکات؟»

«نایەوێت، ئازیزەکەم. ئەوە خوا نییە جەنگ هەڵدەگیرسێنێ، بەڵکوو ئەوە خەڵکی بەد و خراپە بەرپای دەکەن.»

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر لە کاتوساتی دیاریکراوی خۆم بەخەبەرهاتم، هەستم بەوەکرد وەک شووشە شەمپانیایەک وام. پێیەکانم هێنایە دەرەوە و گفتوگۆیەکی دووردرێژم بۆ داهێنان تێیدا خاتوو ڕاست باسی لەو کێشە و گرفتانە کرد کە لەگەڵ باوکیدا هەیبوو تا ئەو کاتەی لە خانەی پیراندا داینا. ئەوی ڕاستی بێت نەمدەزانی خانەی پیران چییە، بەڵام بەوەدەچوو بۆ باوکم شوێنێکی باش و لەبار بێت. ئەوسا کورسییەکەی خۆمم هێنا و لە پەنجەرەی باڵاخانەکەوە سەرم بردە دەرەوە.

بەیان کەوتبوو، بەحاڵوبارێکی تاوانبارانەی ئەوتۆ کەوتبوو کە وای لێ کردم پەی بەوە بەرم ڕێک لەکاتی تاوانکردنیدا گرتوومە. سەرم لە چیرۆک و پلان پڕاوپڕ بوو، بە لەتردان چوومە ناو ژوورەکەی تەنیشت و ئا بەو نیمچە تاریکییە خۆم ئاخنییە

ناو جێخەوە گەورەکەوە. لە تەنیشت دایکمدا شوێن نەبوو، بۆیە دەبوو خۆم بپەستمە نێوان ئەو و باوکمەوە. ئا لەو ئانوساتەدا باوکم بیرچووبووەوە و بۆ چەند خولەکێک ڕەپوڕاست دانیشتم، چوومە ناو تێفکرینێکی قووڵەوە بۆ ئەوەی بزانم لەگەڵیدا چیم پێ دەکرێت. ئەو لە تەختەخەوەکەدا لە بەشی ڕەوای خۆی زیاتر جێگای داگیرکردبوو، منیش نەمدەتوانی ڕەحەت و ئاسوودە پاڵکەوم، لەبەر ئەوە چەند لەقەیەکم پێدا کێشا و ئەوەیش وای لێ کرد لرخە لرخێکی پێکەوت و خۆی کێشایەوە. بەهەرحاڵ، زۆر بەباشی جێگەی کردمەوە. دایکم بەخەبەرهات و دەستی بەسەردا هێنام. ئیدی منیش لە گەرموگوڕیی جێخەوەکەدا پەنجەکەڵەم لەزارم نا و ئاسوودە پاڵم لێی دایەوە.

بەدەنگێکی ویزەویزکەرانەی بەرز و خۆشنوود وتم: «دایکە!»

ئەویش بە سرتە وتی: «ئازیزم وسبە، بابە هەڵمەسێنە!»

ئەمە گۆڕانکاری و پێشوەچوونێکی نوێ بوو، هەڕەشەی ئەوەی دەکرد زۆر «لەگەڵ بابە قسە دەکەم»ـەکەی پێشوو جیددییتر بێت. ڕاستییەکەی ژیان بە بێ ڕاوێژ و گۆکردنەکانی سەر لەبەیانیانم ئیدی لە وێناکردن بەدەربوو.

بە توندوتیژییەکەوە پرسیم: «بۆ؟»

«چونکە بابەی داماو ماندووە.»

ئەمە بۆ من بەهۆیەکی زۆر نابەجێ و نەگونجاو دەچوو، بەو سۆزدارییەی «بابەی داماو»یشی زۆر وەڕز و بێزار بووم. هەرگیزیش حەزم لەو جۆرە هەست و سۆزە هەڵچووە کتوپڕ جۆشخواردووە نەبووە، هەمیشە ناگیانییانە و ڕیاکارانە پەیم پێ بردووە.

ئیتر بە ئەسپایی وتم: «ئۆی!»پاشان بە تۆنی دەنگە زۆر دڵکێش و فریودەرەکەم وتم: «دایکە دەزانی من ئەمڕۆ لەگەڵ تۆ دەمەوێ بۆ کوێ بچم؟»

بە هەناسەساردییەکەوە وتی: «نەخێر ئازیزەکەم.

«دەمەوێ بچمە خوار گلێن و بە تۆڕە تازەکەم قرژاڵ ڕاوبکەم، پاشانیش دەمەوێ بچمە کۆگەی فۆکس ئاند هاوندس و ئینجا-»

تووڕانە وسبەی لێ کردم، دەستیشی بەسەر دەممدا کێشا و وتی: «بابە هەڵمەسێنە!»

بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو، ئەو هەستابوو، یان خەریکبوو هەڵبستێت. لرخە لرخێکی کرد و دەستی بۆ شقارتەکە درێژکرد، ئەوجا بەدگومانانە چاوی بڕییە سەعاتەکەی.

دایکم بەدەنگێکی لەسەرخۆ و هێمن، کە من پێشتر قەت نەمبیستبوو بەکاری بهێنێت لێی پرسی: «ئازیزەکەم حەزت لە پەرداخێک چا هەیە؟» بەشێوەیەک ئەمەی وت وەک ئەوە وابوو ترسابێت.

ئەویش شێتگیرانە قیژاندی: «چا؟ تۆ دەزانی ئێستا سەعات چەندە؟»

منیش بەدەنگێکی بەرز وتم: «ئەوجا دوای ئەوە دەمەوێ بۆ شەقامی ڕاسکوونی بچم.» و دەیشترسام بەهۆی ئا ئەو هەموو قسە پێ بڕینانە شتێکم لەبیر بچێت.

دایکم بە توندوتیژییەکەوە وتی: «لاری دەی زووبە بنوو!»

ئیتر من دەستم بە فینگە فینگ کرد. نەمتوانی لەو شێوازە حاڵی بم کە ئەو جووتە لەسەری بەردەوام بوون و خەفەکردن و سەرکوتکردنی بەرنامەکانی سەرلەبەیانیشم هەر وەک ئەوە وابوو خێزانێک هەر لەسەر بێشکەوە گۆڕەوشار بدرێت.

باوکم هیچی نەوت، هەر تەنیا پایپەکەی داگیرساند و کەوتە مژ لێدانی، بەبێ ئەوەی گوێیش بە دایکم، یان بە من بدات، دەیڕوانییە دەرەوە و تەماشای سێبەرەکانی دەکرد. دەمزانی شێتە. هەر کاتێکیش من شتێکم بوتایە دایکم یەکسەر بە تووڕەییەوە بێدەنگی دەکردم. شەرمەزار دەبووم. هەستم دەکرد ئەمە بەڕاستی ڕەوا نییە، تەنانەت شتێکی شووم و بەدیشی تێدایە. هەر کاتێکیش ئامارژەی ئەوەم بە

دایکم بدایە کە دانانی دوو جێخەو دەستبلاوی و زیادەڕۆییە و دەتوانین هەردووکمان لە جێخەوێکدا بنووین، پێی دەوتم بەو شێوەیە تەندروستترە، ئێستایش ئا ئەم پیاوە لێرەدا بوو، ئا ئەم نامۆیەی بە بێ کەمترین بایەخدان بە تەندروستیی ئەو لەگەڵیدا دەخەوت!

زوو لە خەو هەستا و چای لێنا، لەگەڵ ئەوەی پەرداخێکی بۆ دایکم هێنا، کەچی هیچی بۆ من نەهێنا .

من قیژاندم: «دایکە منیش پەرداخێک چام دەوێت.»

دایکیشم لەسەرخۆ و میهرەبانانە وتی: «باشە ئازیزەکەم، تۆ دەتوانی لە پەرداخەکەی دایە بخۆیتەوە.»

ئیدی ئەو مەسەلەیە یەکلایی بووەوە کە، یان باوکم، یان من دەبێ ئەم ماڵە بەجێ بهێڵین. من نەمدەویست لە پەرداخەکەی دایکم بخۆمەوە، دەمویست لە ماڵەکەی خۆمدا مامەڵەیەکی یەکسانانەم لەگەڵدا بکرێت، لەبەر ئەوە، هەر بۆ ئەوەی ڕقی دایکم هەستێنم، هەموو چایەکەم خواردەوە و هیچم بۆی نەهێشتەوە، بەڵام ئەو ئەوەشی بە شێوەیەکی بێدەنگانە قبووڵ کرد، بەڵام ئەو شەوە کاتێ منی خستە ناو نوێنەوە میهرەبانانە پێی وتم:

«لاری دەمەوێ بەڵێنی شتێکم پێ بدەیت.»

منیش پرسیم: «بەڵێنی چ شتێک؟»

«سەرلەبەیانی زوو نەیەیتە ژوورەوە بابەی داماو جاڕس بکەیت، بەڵێن دەدەیت؟»

دیسانەوە «بابەی داماو!»خەریک بوو لە هەموو ئەو شتانەی ئا بەو پیاوە زۆر مەحاڵەوە پەیوەست بوو، بەدگومان دەبووم.

پرسیم: «بۆ؟»

«چونکە بابەی داماو نیگەران و شەکەتە و باش ناخەوێت.»

«لەبەرچی دایکە؟»

«لەبەر ئەوەی، تۆ دەزانی، وانییە، کاتێ ئەو لە جەنگدا بوو دایە پارەکانی لە پۆستخانە وەردەگرت.»

«لە خاتوو مەکارسیت وەردەگرت؟»

«بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئێستا ئیدی تۆ دەزانی خاتوو مەکارسی چیدی بۆ ئێمە پارەی نییە، بۆیە بابە دەبێ بڕواتە دەرەوە و هەوڵبدات هەندێکمان بۆ پەیدا بکات. دەزانی ئەگەر بۆمانی پەیدا نەکات چی ڕوودەدات؟»

منیش وتم: «نا نازانم تۆ پێم بڵێ.»

«باشە گوێ بگرە، پێم وایە دەبێ ئێمە بچینە دەرەوە و وەک ئەو پیرێژنە هەژارە سواڵ بکەین کە ڕۆژانی هەینی سواڵ دەکات، ئێمەیش هیچ ئەوەمان پێ خۆش نابێ، پێمان خۆش دەبێ؟»

هاوڕابووم و یەکسەر وتم: «نەخێر پێمان خۆش نابێ.»

«جا بەڵێن دەدەی نەیەیتە ژوورەوە و هەڵی نەستێنی؟»

«بەڵێن دەدەم.»

بیرت نەچێ، من بەڕاستم بوو. دەمزانی پارە پرس و کێشەیەکی جیددییە، هەروەها بە تەواوەتیش دژی ئەوە بووم بچینە دەرەوە و وەک ئەو پیرێژنە سواڵ بکەین، کە ڕۆژانی هەینی سواڵ دەکات، ئیتر دایکم هەموو یارییەکانمی لە جوغزێکی تەواوی دەورانەوری جێخەوەکەمدا بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بە هەر لایەکیدا بێمە دەرەوە، ئێستەرەم بەسەر دانەیەکیاندا بکەوم.

کاتێ لە خەو ڕاپەڕیم زۆرباش بەڵێنەکەم وەبیر هاتەوە، ئیدی هەستام و لەسەر عەرزەکە دانیشتم و کەوتمە یاری کردن و پێموابوو چەندان کاژمێر یاریم کردووە، پاشان کورسییەکەمم هێنا و بۆ چەند کاژێرێکی تر لە پەنجەرەی باڵاخانەکەوە تەماشای دەرەوەم کرد. ئارەزووی ئەوەم دەکرد کاتی ئەوە بێت باوکم لە خەو ڕابێت، ئارەزووی ئەوەم دەکرد کەسێک پەرداخێک چام بۆ بکات.

تۆزقاڵێکیش چییە هەستم بەوە نەکرد وەک خۆر وام، بەپێچەوانەوە هەستم کرد بێتاقەت و بێزار و زۆر زۆر ساردوسڕم.

سادە و ساکارانە تاسەی قووڵی و گەرموگوڕیی جێخەوە گەورە پەڕدارەکەم کرد، دواجار نەمتوانی لەوە زیاتر بەرگەبگرم. بۆ ژوورەکەی تەنیشت ڕۆیشتم. لەبەر ئەوەی لە لایەکەی دایکمدا جێ هەر نەبوو، بۆیە پێیدا هەڵگەڕامە سەرێ و ئەویش ڕاچەنی و لە خەو هەستا. زۆر بە توندی بازووی گرتم و بە چرپە وتی: «لاری تۆ بەڵێنی چیت دا؟»

منیش ڕێک لەبەر ئەوەی لە قافدا گیرابووم کەوتمە زوڕەزوڕ و فینگە و وتم: «بەڵام من بەڵێنەکەی خۆم بەجێ هێنا. دایکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژیش بێدەنگ بووم.»

ئەویش سەراپا گیانی نەوازش کردم و غەمگینانە وتی: «ئۆی ئازیزەکەم بۆیە زیاتر بەرگەت نەگرت و تاقەتت پڕووکا! جا ئێستا ئەگەر بهێڵم لێرە بمێنیتەوە بەڵێنی ئەوە دەدەیت ورتە نەکەیت؟»

بە ناڵە و نووزە نووزەوە وتم: «بەڵام دایکە من دەمەوێ قسە بکەم.»

دایکم بە پەیگیری و توندوتیژییەکی ئەوتۆوە کە بۆ من تازە بوو، وتی: «ئەوە هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە، بابە دەیەوێ بخەوێت، تۆ لەمە تێدەگەیت، یان نا؟»

زۆر بەباشی تێیگەیشتم. من دەمویست قسە بکەم، ئەویش دەیویست بخەوێت- بە هەرحاڵ، ئەمە ماڵی کێ بوو؟

ئیدی منیش بە هەمان سووربوون و توندوتیژییەوە وتم: «دایکە من پێم وایە بۆ بابە باشتر و تەندروستتر دەبێ کە لە جێخەوەکەی خۆیدا بخەوێت.»

بەوەدەچوو ئەوە وریاکاسی کردبێ، چونکە بۆ ساتەوەختێک هیچی نەوت.

پاشان بەردەوام بووەوە: «ئێستا بێ چەندوچوون، یان دەبێ تەواو کپوکپ بیت، یان دەبێ بۆ جێخەوەکەی خۆت بگەڕێیتەوە، ئەوجا کامەیان هەڵدەبژێری؟»

بێدادی و زوڵموستەمی ئەمە ڕەنجەڕۆی کردم. منیش هەر بەو هاودژ وتن و ناماقووڵییەی لەزاری خۆیەوە دەردەچوو، مەحکوومم کرد، کەچی هەوڵی نەدا بەرپەرچیش بداتەوە، ئیتر پڕاوپڕ لە ڕق و قین، لەقەیەکم بە باوکمدا کێشا و دایکم تێبینی نەکرد، بەڵام ئەوی وای لێکرد پرمەیەکی لێوە بێت و بە ترس و پارێزەوە چاوەکانی بکاتەوە.

تەماشای دایکمی نەکرد و لە دەرگاکەی ڕوانی وەک بڵێی کەسێکی لەوێدا بینیبێ، بەدەنگێکی ترس لێنیشتوو پرسی: «سەعات چەندە؟»، ئەوجا دایکیشم ئارامبەخشانە وتی: «هێشتا زووە، ئەوە هەر منداڵەکەیە، بخەوەوە. ... کاتێکیش لە جێخەوەکەوە دەهاتە دەرێ وتی: «لاری، ئێستا کە بابەت لە خەو هەستاندووە دەبێ بۆ جێگاکەی خۆت بگەڕێیتەوە.»

ئەم جارە، سەرباری حاڵوبارە هێمنەکەشی، دەمزانی بەڕاستی بوو، دەشمزانی ماف و ئیمتیازە گرنگەکانم، ئەگەر دەستبەجێ داکۆکییان لێ نەکەم ئەوە هەرووەک لەکیسچوو وان، ئیدی هەر کە هەڵیگرتم، قیژەیەکی وام بۆ کرد، نەک هەر باوکم، تەنانەت مردوویشی بەخەبەر دەهێنا، بۆیە کەوتە نرکە نرک کردن.

«ئەو منداڵە نەفرەتییە! ئەرێ هیچ خەوی نییە؟»

دایکیشم سەرباری ئەوەی کە دەمزانی ڕقیشی هەستاوە، بەڵام بەهێواشی وتی: «ئازیزەکەم هەر وا ڕاهاتووە.»

باوکم شیتاندی: «دە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە واز لەو ڕاهاتنە بێنێ.»، ئەوجا لەناو جێخەوەکەدا کەوتە هەناسەبڕکێ . کتوپڕ تەواوی چەرچەف و بەتانییەکانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە و لەخۆیەوەی پێچا و ڕووی لە دیوارەکە کرد، پاشان لەسەر شانییەوە ئاوڕی دایەوە و لە دوو

چاوی بچکۆلانەی ڕەشی پڕ کینە بەولاوە هیچ شتێکی تر دەرنەدەکەوت. پیاوێکی تابڵێی بەد و شەڕانگێز دیاربوو. دایکم بۆ ئەوەی دەرگەی ژووری خەوەکە بکاتەوە دەبوایە من دابگرێت، هەرکە منیشی داگرت ئیدی من ڕەهابووم و بەقیژەقیژ بۆ دوورترین سووچ ڕامکرد. باوکیشم هەستا و ڕێکوڕاست لەناو جێخەوەکە دانیشت.

بەدەنگێکی تاساو گوتی: «دەمت داخە هەی تووتەڵە سەگ!»

بەڕادەیەک حەپەسام ئیدی لەقیژەقیژ کەوتم، چونکە پێشتر هەرگیز، هەرگیز کەس بەو شێوەیە نەیدواندبووم. گومانئامێزانە تێمڕوانی و بینیم تووڕەییەکی بێڕادە دەموچاوی شەمزاندووە. هەر تەنیا ئەو ساتەوەختە بە تەواوەتی تێگەیشتم خودا بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا کردووم و چۆن بۆ گەڕانەوەی ساغوسەلامەتی ئەم گیانەوەرە دڕندەیە نزاکانی قبووڵکردووم.

جا هەر لە خۆمەوە هاوارم کرد: «تۆ دەمت داخە!»

باوکم لە جێخەوەکەوە بازێکی شێتانەی دا و شیتاندی: «ئەوە چی بوو کە وتت؟»

دایکم هاواری کرد: «میک، میک! نابینی منداڵەکە پێت ڕانەهاتووە؟»

باوکیشم شێتگیرانە قۆڵەکانی ڕاوەشاند و نەڕاندی: «من هەر ئەوە دەزانم کە باشتر لەوەی فێر بکرێت تێرکراوە، ئێستایش پێویستی بەوەیە سمتەکانی بەر زللە بدرێن.»

هەموو شیتە شیتەکانی پێشووتری وەک هیچ وابوون بەرانبەر بەو وشە چەپەڵ و دزێوانەی ئامازەیان بە کەسێتیی من دەدا، بەڕاستی تووڕە و شێتگیریان کردم.

شێتانە قیژاندم: «هینەکەی خۆت بەر زللە بدە! هینەکەی خۆت بەر زللە بدە! دەمت داخە! دەمت داخە!»، ئیتر سەبر سووراوانە هێرشی بۆ بردم، ئەمەی لەبەر چاوە تۆقیوەکانی دایکمدا، بەبێ ئەو قەناعەتە ئەنجام دا کە هەر لە پیاوێکی وا چاوەڕوان دەکرێت، ئەو هێرشەیش هەر تەنیا بە لێدانێکی ناچیز و هێواش کۆتایی پێ هات، بەڵام بێ حورمەتیی تەواو ئەوەبوو کە لەلایەن نامۆیەکەوە لێ درام، نامۆیەکی تەواوی ئەوتۆی لە ئەنجامی داوێنگیرییە پاک و بێگەردەکەی من لە خوا، لە جەنگەوە ڕێگەی گەڕانەوەی خۆی گرتەبەر و زمانلووسانە هاتە ناو جێخەوە گەورەکەمان و منی تا ئەوپەڕی شێت و دێوانە کرد.

قیژاندم و قیژاندم، بە پێی خاوس سەمام کرد، باوکیشم سەیر و ناڕەحەت دیاربوو، سەرلەبەری گیانی تووک بوو، چونکە لە قەمیسێکی سەربازی بەولاوە هیچی تری لەبەر نەبوو ، وەک کەرتە شاخێک چاوی تێبڕیبووم وەک بڵێی بەتەمای کوشتنم بێت. وای بۆ دەچم ڕەنگە ئەو کاتە ئیدی پەیم برد، ئەویش هەر وەک من غیرەی دەکرد. دایکیشم هەر بە جلی خەوەوە ئا لەوێ ڕاوەستابوو، وادەردەکەوت وەک بڵێی دڵی لەنێوانی ئێمەدا شکابێ. ڕاستییەکەی من هیوای ئەوەم خواست وەک چۆن دەردەکەوت، هەروایش هەست بکات. پێیشم وابوو تەواو شایانی ئەو دڵشکانەیە.

ئا لەو بەیانییە بەدواوە، ئیتر ژیانم بوو بە دۆزەخ. من و باوکم ئیدی ڕوون و ئاشکرا نەیاری یەک بووین. زنجیرەیەک شەڕ و پێکدادانمان دژبەیەک کرد، ئەو هەوڵی دەدا ئەو کاتەم بەرزەفت بکات کە من لەگەڵ دایکمدا دەبووم و منیش هینەکەی ئەو. کاتێ دایکم لە جێخەوەکەی مندا دادەنیشت و چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە، ئیدی ئەو بەدوای جووتێ چەکمەی کۆندا دەکەوتە گەڕان، کە دەیوت لە سەرەتای جەنگدا بەجێی هێشتووە. کاتێ لەگەڵ دایکیشمدا قسەی دەکرد من بەدەنگی بەرز لەگەڵ یارییەکانم گەمەم دەکرد تا بەتەنگەوە نەهاتنی تەواوی خۆم دەربخەم. شەوێک کە لە ئیش گەڕایەوە و منی

بینی خەریکی سنووقەکەیم و یاری بە نیشانە و پلەکانی فەوجەکەی و چەقۆ گۆرخاییەکانی و قۆپچەگیرەکانی دەکەم، بارودۆخێکی ترسناکی بەرپاکرد، دایکیشم هەستا و سنووقەکەی لێ سەندم.

ئەوجا توندوتووڕانە وتی: «لاری بابە بە یارییەکانی تۆ یاری ناکات، تۆیش نابێ بە یاریچەکانی ئەو یاری بکەیت، تەنیا و تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بابە ڕێت دەدات.»

لەبەر هۆیەکی دیاریکراو باوکم تێیڕوانی وەک بڵێی دایکم زەبرێکی لێدابێت، پاشان چرۆچاوی بەیەکدا دا و وەرسووڕا و ڕۆیشت. سنووقەکەی داگرتەوە تا بزانێت داخۆ هیچ شتێکم لێ بردووە، ئەوجا بە بۆڵەبۆڵ وتی: «ئەمانە یاریچە نین، هەندێکیش لەم توحفانە زۆر دەگمەن و بەهادارن.»

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پتر و پتر درکم بەوەکرد چۆن چۆنی توانیوێتی من و دایکم بگۆڕێت. ئەوەی بارەکەشی خراپتر کرد ئەوەبوو کە من نەمدەتوانی لە شێوازی ئەنجامدانی کارەکەی حاڵی بم، یان لەوە تێبگەم بۆ دایکم چ کاریگەری و دڵکێشییەکی هەبوو، وەلێ لە هەموو ڕوویەکەوە من لەو براوەتر بووم. جگە لەوە شێوەزارێکی بەد و پیسیشی هەبوو، چایشی بە شۆڕەشۆڕ دەخواردەوە. بۆ ماوەیەک پێم وابوو لەوانەیە دایکم دڵبەستەی ڕۆژنامە خوێندنەوەی بووبێت، بۆیە هەر خۆبەخۆ برێک باس و هەواڵم پێکەوە دەنا تا بۆی بخوێنمەوە، پاشان لەو بڕوایەدا بووم کە دەشێ جگەرەکێشان بووبێت و من خۆیشم هەر لەو قەناعەتەدا بووم کە سەرنجڕاکێشە، ئیتر پایپەکانیم برد و بەناو ماڵەکەدا دەگەڕام و پڕ لە لیکم دەکردن تا ئەو دەمەی زەفەری پێ بردم، تەنانەت لەکاتی چای خواردنەوەیشدا کەوتمە شۆڕەشۆڕ کردن، بەڵام دایکم پێی وتم کە تابڵێی قێزهێنەرەوەم. بەوەدەچوو ئەمانە هەموویان هەر بەو ڕاهاتنە ناتەندروستەی پێکەوە نووستنیانەوە پەیوەست بن، بۆیە پێداگریم لەوەکرد بچمە ناو ژوورەکەیان و دەنگە دەنگ بەرپابکەم، هەروەها خۆم بدوێنم بۆ ئەوەی نەزانن چاودێرییان دەکەم، بەڵام هەرگیز خەریکی شتێکی ئەوتۆ نەبوون من بتوانم پەی پێ بەرم. سەرەنجام بۆڕم خوارد. بەوەدەچوو ئەم شتانە بەگەورەبوون و ئەڵقە بە خەڵک بەخشین پەیوەست بن، بۆیە درکم بەوەکرد کە دەبێ چاوەڕوان بم.

بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەمویست ئەوە ببینێ کە من هەر تەنیا چاوەڕوانی گەورەبوونم و دەستبەرداری ململانێکە نیم. ئێوارەیەکیان لەڕادەبەدەر وەڕس و بێتاقەت بوو، لەسەر سەریشم ڕاوەستابوو خەریکی چەنەبازی بوو، دام بە تەنگەیدا.

وتم: «دایکە دەزانی کە گەورەبووم چی دەکەم؟»

ئەویش وەڵامی دایەوە: «نەخێر ئازیزەکەم، چی دەکەیت؟»

منیش بە هێمنییەوە وتم: «دەتخوازم.»

باوکم قاقایەکی بەرزی لێ دا، بەڵام من بەهەند وەرمنەگرت و پێی هەڵنەخەڵەتام، چونکە دەمزانی لەوانەیە هەر تەنیا لاف لێدان بێت، سەرباری هەموو شتێکیش دایکم هەر خۆشنوود بوو. هەستم کرد ڕەنگە بەزانینی ئەوە خۆشنوود و ئاسوودە بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو جڵەوەی باوکم بەسەرییەوە هەیەتی دەپچڕێت.

بەزەردەخەنەوە وتی: «ئاخۆ ئەوە شتێکی جوان نابێ؟»

منیش بە بڕوا بەخۆبوونەوە وتم: «شتێکی زۆر نایاب دەبێ، چونکە پێکەوە منداڵێکی زۆر زۆر دەخەینەوە.»

ئەویش ئارامانە وتی: «بێگومان ئازیزەکەم، پێم وایە بەم نزیکانەیش یەکێکمان دەبێ و ئەوسا هاودەمێکی چاکت دەبێ.»

من سەبارەت بەوە زۆر دڵشادبووم، چونکە ئەوەی

دەردەخست کە دایکم وێڕای ڕادەستبوونیشی بە باوکم، هێشتایش هەر ڕەچاوی حەز و ئارەزووەکانی منی دەکرد، جگە لەوە ئەمە خانەوادەی جینیزەکانیشی دەخستەوە جێوشوێن و پێگەی خۆیان.

کەچی وا نەکەوتەوە، بەر لە هەموو شتێک لەبەر ئەوەی دایکم بێڕادە سەرقاڵ بوو- لەوەش تێفکریم کە داخۆ ئەو حەقدە پاوەند و شەش پێنسە لەکوێ پەیدا دەکات - وێڕای ئەوە باوکیشم لەسەر ئەوە ڕاهات ئێواران تا درەنگانێ لەدەرەوە بمێنێتەوە، ئەمەیش سوودێکی ئەوتۆی بۆم نەبوو کە شایانی باس بێت. دایکیشم وازی لەوەهێنا بۆ پیاسە و گەڕان بمبات، هەر وەک گریش توندوتیژ هەڵگەڕا و هەر لە خۆڕاییش زللەی لێم دەدا. هەندێک جار خۆزگەی ئەوەم دەخواست هەرگیز ئاماژەم بەو منداڵە نەفرەتییە نەدایە- بەوە دەچوو بۆ کارەسات بەسەرخۆدا هێنان جۆرە بلیمەتییەکم هەبووبێ.

هەر بەڕاستییش کارەسات بوو! سۆنی لەناو ترسناکترین هاتوهاوار و ژاوەژاودا لەدایکبوو- تەنانەت پێیشی نەکرا بە بێ هەراوهوریا و غەڵبەغەڵب بێتە دنیاوە- هەر لە یەکەم ساتیشەوە ڕقم بەرانبەری پەیداکرد. منداڵێکی سەخت و دژوار بوو- ئەوەی جێبایەخی من بوو ئەوەبوو ئەو هەردەم سەخت و دژوار بوو- و بەتەنگەوەهاتنێکی زۆریشی دەویست. بەکورتییەکەی دایکمی شێت کردبوو، تەنانەت هەستی بەوەش نەدەکرد کە ئەو هەندێک کات هەر تەنیا هەوڵی ئەوەی دەدا سەرنج ڕابکێشێ، وەک هاودەمیش زۆر لە بێکەڵکێکیش خراپتر بوو. تەواوی ڕۆژ دەنووست و منیش دەبوایە لەناو ماڵەکەدا بەسەر نووکی پەنجەی پێ بڕۆم نەبا لە خەو هەڵیبستێنم، کێشەکەیش چیدی ئەوە نەبوو باوکم بەخەبەر بێنم. ئێستا ئیدی دروشمەکە بووبووە «سۆنی لە خەو هەڵمەستێنە!» لەوەش تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەو منداڵە لەکاتی گونجاودا نانوێت، بۆ ئەوەی هەر کاتێک دایکم پشتی لێم بوو هەڵیبستێنم. هەندێک جاریش هەر بۆ ئەوەی بێدار بمێنێتەوە نقورچیشم لێ دەگرت. ڕۆژێک دایکم لەکاتی نقورچ لێگرتنیدا زەفەری پێ بردم و منی دایە بەر بێبەزەییترین و سەختترین ڕەخنە و سەرزەنشت.

ئێوارەیەکیان، باوکم کە لە ئیش هاتەوە، لە باخچەکەی پێشەوەدا یاریی شەمەندەفەرم دەکرد. خۆم وادەرخست نایبینم، لەبری ئەوە خۆم وا نواند کە لەگەڵ خۆمدا دەدوێم و بەدەنگی بەرز وتم:

«ئەگەر منداڵێکی نەفرەتیی دیکە بێتە ئەم ماڵە، ئەوە من بەجێی دەهێڵم.»

باوکم لەپڕێکدا ڕاوەستا و لەسەر شانی خۆیەوە تێی ڕوانیم.

ئەوجا سەختگیرانە پرسی: «ئەوە چی بوو کە وتت؟»

منیش هەوڵی شاردنەوەی پەشۆکانەکەی خۆم داو وتم: «من لەگەڵ خۆمدا دەدوام، ئەوە پێوەندی بەخۆمەوە هەیە.»

ئیتر بەبێ ئەوەی ورتە بکات وەرچەرخا و ڕۆیشتە ژوورەوە. بیرت نەچێ، من بەو نیازەوە ئەو شتەم وت کە هۆشدارییەکی جیددی بێت، بەڵام کاریگەرییەکەی تەواو جیاواز کەوتەوە. باوکم دەستی کرد بەوەی بەشێوەیەکی زۆر جوان هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکات، بێگومان لەمە تێدەگەیشتم. دایکم هەر لەدەوروبەری سۆنییە زۆر قێزەوندا بوو، تەنانەت لەکاتی ژەمەکانیشدا هەڵدەستا و بە زەردەخەنەیەکی گەمژانەوە لەناو بێشکەکەدا زەق زەق و گێلانە چاوی تێدەبڕی و بە باوکیشمی دەوت هەمان شت ئەنجام بدات، بەڵام باوکم لەو لایەنەوە مەنگتر و بەنەزاکەتتر بوو، لێ ئەوەندەیش بەوە سەرسام دیاربوو پەیت دەبرد کە نازانێت دایکم لەبارەی چییەوە دەدوێت. سکاڵای لەبارەی ئەوەشەوە دەکرد کە چۆن شەوان سۆنی دەگریەت، بەڵام دایکم تووڕە دەبوو دەیوت سۆنی قەت قەت ناگریەت تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە تووشی شتێکی نائاسایی بووبێت- ئەوەش

بێگومان درۆیەکی ڕوون و ئاشکرابوو، چونکە سۆنی هەرگیز تووشی شتی نائاسایی نەدەبوو، هەر تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنج دەگریا و هیچی تر. بەڕاستی ئازاربەخشبوو پەی بەوە بەرم دایکم چەند سادە و دڵساف بوو. ڕاستییەکەی باوکم قۆزنەبوو، بەڵام بیروهۆشێکی زۆرباشی هەبوو، پەی بە ناخ و مەرامەکانی سۆنی بردبوو، ئێستا ئیدی ئەوەشی دەزانی کە منیش هەروا پەیم بە ناخ و مەرامەکانی سۆنی بردبوو.

شەوێک ڕاچڵەکیم و بەخەبەر هاتم، بینیم یەکێک لەناو جێخەوەکەدا لە تەنیشتمە. بۆ ساتەوەختێکی بە جۆشوخرۆشاوی هەستم کرد ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێ دایکم بێت، هاتووەتەوە هۆش خۆی و بەیەکجاری باوکمی بەجێ هێشتووە، بەڵام دواتر گوێم لە قریوەقریوەکانی سۆنی بوو لە ژوورەکەی تەنیشت و دایکیشم هەر دەیوت: «ئە ئاوا! ئە ئاوا! ئە ئاوا!»ئا ئەو کاتە ئیتر زانیم ئەوەی تەنیشتم دایکم نییە، باوکمە. بە بێدارییەکی تەواوەوە لەپاڵمدا ڕاکشابوو، ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە بە زەحمەت و تابڵێی دژوارانە هەناسەی دەدا.

پاش ماوەیەک ئەوسا تێگەیشتم لەچی شێت بووە، ئیتر نۆرەی ئەو بوو. پاش دەرکردنی من لە جێخەوە گەورەکە، ئەو خۆیشی دەرکرابوو، ئیدی دایکم بایەخ و گرنگی بە هیچ کەسێک نەدەدا تەنیا بەو نەبێ، سۆنی، سۆنی تووتەڵەی ژەهرین. پێم نەکرا خەم بۆ باوکم نەخۆم و هەست بە ئەفسووس خواردن نەکەم بۆی. من خۆم بەو هەموو بارەدا تێپەڕیبووم، تەنانەت ئا لەو تەمەنەیشمدا دڵگەورە و جوامێر بووم. کەوتمە نەوازش کردنی و وتم: «ئەئاوا! ئە ئاوا!»ئەویش ڕاستییەکەی تەواو وەڵامدەرەوەی نەوازش کردنەکەم نەبوو.

شیتاندی: «ئەوە تۆیش نەخەوتوویت؟»

منیش وتم: «ئادەی وەرە و قۆڵت لە دەورم بئاڵێنە، دەی؟»ئەویش بەشێوەیەک لەشێوەکان قۆڵی لەدەورم ئاڵاند، کە پێم وابێ دەکرێ بە ئاگامەندانە وەسف بکرێت. هەستم کرد زۆر زۆر لەڕ و لاوازە، بەڵام لە هیچ باشتر بوو.

دەمە دەمی کریسمەسیش ڕۆیشت و هەوڵێکی بێڕادەی دا تا جۆرە شەمەندەفەرێکی بەڕاستی جوانم بۆ بکڕێ.

## بیۆگرافییەکی کورت

مامۆستایەکە لە مامۆستاکانی کورتە چیرۆکی ئێرلەندی، لە ساڵی ١٩٠٣ لە کاونتی کۆرک، لە ئێرلەندا لەدایک بووە، یەکەمین کۆچیرۆکی بەناوی «میوانەکانی نەتەوە»وە لە ساڵی ١٩٣١دا بڵاوکراوەتەوە، پاشان چەندان کۆچیرۆکی دیکەی بەدوادا هاتووە. بێجگە لەوە، شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆیی و وەرگێڕیش بووە، نووسەرێکی زۆر بە بڕشت بووە و سەد و پەنجا بەرهەمی هەمەجۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە، لەوانە: گرێ ئۆدیپییەکەی من و چیرۆکی تر- ١٩٦٣، منداڵی تاقانە- ١٩٦١، کوڕەکەی باوکم- کە لەپاش مردنی لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوبووەتەوە، ئەم دوو ناوونیشانەی دوایی ئۆتۆبیۆگرافین، بێگومان بەرهەمگەلێکی ئێجگار زۆری تریش. ئۆکونوور لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری دۆبلن کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوە:**

Masters of the Short Story-Edited by: Abraham H. Lass and Leonard Kriegel - New York and Scarborough، Ontario- Printed in the USA- 1971